# ڕۆڵ وکاریگەری پاداشت وسزا لەپەروەردەکرنی منداڵاندا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**ئامادەکردنی: زاگرۆس هەمەوەند**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( دور وتأثير المكافآت والعقوبات في تربية الأولاد )

« باللغة الكوردية »

زاكروس هموند

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ڕۆڵ وکاریگەری پاداشت وسزا لەپەروەردەکرنی منالاَندا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورەوبالاَدەست، وەدرود وڕەحمەتی فراوان بۆ سەر گیانی پێشەوا وپەروەردەکاری مرۆڤایەتی محمدی کوڕی عەبدوللآ وسەرجەم یار وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

**دەست پێك وپێشەکی :**

خوشك وبرایانی خۆشەویست ئاشکرایەلای هەمووان ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەکی زۆری داوەبە پەروەردەکردنی تاك لەکۆمەڵگەدا، هەر لەسەرەتای هاتنەدونیایەوەهەتاوەکو ئەو ڕۆژەی ئەم ژیانەبەجێ دەهێلێت ودەگەڕێتەوەلای پەروەردگار .

جا لەبەر ئەوەپێویستە دایك وباوك چاودێری منداڵەکانیان بکەن جا چ کوڕ بن یان کچ، وەبزانن کەی دەچنەدەرەوە، وەچۆن چوونەدەرەوە، وەبۆ کوێ دەچن، وەلەگەڵ کێشدا دەبن ؟ وەبەوەندەواز نەهێنین کـەلەگەڵ هاوڕێیەکیدا ڕۆشت ئیتر گرنگ نیەمادام کەسێکی لەگەڵدایە .

نەخێر دایك وباوکی خۆشەویست نەکەیت منداڵەکەت پشگوێ بخەیت، چونکەهاوڕێی خراپ یەکێکەلەهەرەهۆکارەخراپەکان کەڕۆڵی خراپ دەبینێت لەلادان وبەد خوو بوونی منداڵەکەت، وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان ( صلى الله عليه وسلم ) لەم بارەیەوەدەفەرموێت : " **مثل الجليس الصالح والجليس السوء كحامل المسك ونافخ الكير، فحامل المسك إما أن يحذيك وأما أن تبتاع منه وإما أن تجد منه ريحا طيبة، ونافخ الكير إما أن يحرق ثيابك وإما أن تجد منه ريحا خبيثة** " واتە: نمونەی هاوڕێی خراپ

وهاوڕێی چاك وەك نمونەی هەڵگری بۆنی خۆش ومیسك وفووکەری کوورەی ئاگر وایە، جا ئەو کەسەی بۆنی خۆش ومیسکی پێیە، یان کەمێك بۆنت لێدەدا، یان پێت دەفرشێت، یان هیچ نەبێت بۆنی خۆشی دێت بەسەرتا، بەڵام فووکەری کوورەی ئاگر ( واتەئاسنگەر ) یان جلەکانت دەسوتێت ئەگەر لای دانیشیت، یان لانی کەم بۆنی ناخۆش وخراپ دێت بەسەرتا.

جا هاوڕێی باش وڕاستگۆ وڕەوشت جوانیش ئەگەر خۆی فێری ڕەوشتی جوانیشت نەکات، خۆ لانی کەم دەتوانی سەیری ڕەوشتی جوانی بکەیت وتۆش فێر ببیت لەئەوەوە، وەبەپێچەوانەشەوەهاوڕێی خراپ یان فێری ڕەوشتی خراپت دەکات یان تۆ چاوی لێ دەکەیت وفێری درۆ ودەست پیسی وخراپەدەبیت لێوەی.

وەلەجێگایەکی تردا دەفەرموێت : " **المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل** "

واتە: هەموو کەسێك لەسەر باوەڕ و ئاینی هاوڕێکەیەتی، جا هەرکەس لەئێوەبا سەیر بکات وبزانێت کەهاوڕێیەتی کێ دەکات .

هۆکارێکی سەرەکیش بۆ سەرکەوتوو بوونی پەروەردە،گرنی دانەبەپاداشت وسزا لای کەسی پەروەردەکار، بەتایبەتی لای دایك وباوکان .

ئێمەلەم ووتارەماندا هەوڵ ئەدەین تیشك بخەینەسەر ئەو ڕ ۆ ڵەگرنگەی پاداشت وسزا لەپەروەردەکردنی نەوەکانماندا، بەهیوای ئەوەی إن شاءالله، سوود مەند بێت بۆ هەمو لایەك .

لەبەرئەوەناکرێت بەیەك شێوەمامەڵەبکرێت لەنێوان دوو منداڵ لەخێزانێکدا، لەکاتێکدا یەکێکیان منداڵێکی گوێڕایەڵ بێت وئەوی دیکەشیان منداڵێکی لاسار وبێ گوێ بێت، چونکەئەم شێوەمامەڵەکردنەئەو کاتەڕۆڵی پەروەردەکردن کز ولاواز دەکات ومنداڵی گوێڕایەڵ کەم بایەخ دەکات بەڕێنومایەکانی باوك ودایك ومنداڵی لاساریش هاندەدات لەسەر بێگوێ ولاساریەکەی، هەر بۆیەپێویستەکەسی گوێڕایەڵ پاداشت بکرێت وکەسی لاساریش لانی کەم یان پاداشت نەکرێت، یان سزایەکی گونجاوی بۆ دابنرێت.

جا لەبەر ئەوەمن دەپرسم بۆچی ئێمەهەمیشەترسمان هەبێت لەهەندێك دیاری خراپ وبێ کەڵك، لەهەمان کاتدا هیچ گرنیەك نادەین بەکڕین وبەخشینی دیاری بەکەڵك وسوودمەند بۆ نەوەکانی دواڕۆژمان، نەك هەر ئەوەندەبەڵکو هەر بیریشی لێ ناکەینەوە.

چونکەچەندێك دیاری بێ کەڵك کاریگەری خراپ بەجێ دەهێڵێت لەسەر ڕەوشت وهەڵسوکەوتی منداڵ، دوو ئەوەندەش دیاری چاك وبەکەڵك کاریگەری سوود مەندی دەبێت لەسەر پەروەردەورەوشتی منداڵانمان، بۆیەپێویستەدایکان وباوکانی خۆشەویست ئەم بوارەپشتگوێ نەخەن .

نەك هەر ئەوەندەبەڵکو پەروەردەکار لەقۆناغی یەکەمدا کەزانی دیاری کڕین وپاداشت دانەوەڕۆڵی دەبێت لەسەر جوانکردنی ڕەوشت وهەڵسوکەوتی منداڵەکەی، ئەوجا منداڵەکەشی هان بدات لەسەر ئەوەی هەندێ دیاری وەك نامیلکەوگۆڤار وکاسێت وسیدی

بەکەڵك، بەدیاریش بکڕێت بۆ هاوڕێکانی تاوەکو بتوانێت کاریگەری باشیشی هەبێت لەسەر دەوروبەرەکەی .

خۆزگەهەموو لایەك ئەمانتوانی کەواز بهێنین لەکڕینی هەندێك دیاری تەقلیدی وموجامەلەکردنی خێزانەکان لەنێو یەکدا، بەئەندازەی ئەوەش ئەمانتوانی کەدیاری کڕینەکانمان ڕۆڵی خۆیان هەبێت لەپەروەردەکردنی نەوەکانماندا، بۆ نمونەکاتێك دەزانێت منداڵەکەت حەزی لەخوێندنەوەی چیرۆکە، هەندێك نامیلکەی چیرۆکی بۆ بکڕەوهانیشی بدەکەهەندێك لەو چیرۆکانەبکات بەدیاری بۆ هاوڕێیەکی کەحەز لەخوێندنەوەناکات، یان کەسێکی نیەهانی بدات لەسەر خوێندنەوە، جا پاشتر بزانەئەم ڕێگایەچەند بەسوودەوچ ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لەسەر منداڵەکەی خۆت وهاوڕێکەشی، چونکەلەیەك کاتدا منداڵەکەت فێری دوو شتت کرد، یەکەمیان دڵت خۆش کرد بەکڕینی دیاری بۆی، دووەمیش فێری ئەوەت کرد کەسوود مەند بێت بۆ هاوڕێکانی .

## پاداشت وسزا دەبێت چۆن بێت ؟

دایك وباوکی خۆشەویست دەبێت زۆر ئاگاداری پەرورەدەکردنی نەوەکانتان بن، هەرگیز نەکەن جیاوازیەکانی نێوانتان بگاتەئاستێك کەڕەنگ بداتەوەلەخراپ پەروەردەکردنی مندالەکانتاندا، بەشێوەیەك بێت کاتێك کەبینیتان منداڵەکەتان هەڵسوکەوتێکی ناشایستەی ئەنجامدا، باوك بیەوێت سەرزەنشتێکی بکات یان ڕێنومایەکی بکات بەڵام دایك هەڵوێستێکی جیاواز تری هەبێت، چونکەلەم کاتەدا منداڵەکەتووشی دووفاقی ( ازدواجیەت ) دەبێت بەشێوەیەك نازانێت ئایا هەڵوێستی باوکی تەواوەیان هەڵوێستی دایکی، جا لەبەر ئەوەزۆر گرنگی بدەن بەم بوارەوباهەمیشەقسەتان یەك بێت، چونکەئەگەر بەم شێوەیەبوو ئەو کاتەمنداڵەکەیەك ( توجیە ) وڕێنومایی وەردەگرێت وڕەنگیش دەداتەوەلەڕەوشت وهەڵسوکەوتیدا .

ئەبێت بزانین منداڵ جیهانێکی پاك وبێگەردە، هەندێك جار ڕەوشتی جوان وشیرین ئەنجام دەدات، پێویستەزۆر خێرا باوك ودایك ئەمەبەسەریاندا تێپەڕ نەبێت ودەستخۆشی لەمنداڵەکەیان بکەن بەئەندازەی کارەجوانەکەی، وەهەندێك جاریش هەڵسوکەوتێکی ناپەسەند ئەنجام دەدات، لەم کاتەدا ڕۆڵی پەروەردەکاری سەرکەوتوو ئەوەیەکەزۆر بەلێزانی وحکیمانەبتوانێت بەئامۆژگاریەجوانەکانی ئەو خوەناپەسەندەبگۆڕێت .

بۆ نمونەئەگەر بینی منداڵەکەی کاغەزێکی فڕێدایەسەر زەوی، بەبێ توورەبوون وهەڵچون بڵێت بەمنداڵەکەی هەڵیبگرێتەوەوبیخاتەناو سەبەتەی خۆڵەکەوەوپێی بڵێ ڕۆڵەکەم نازانێت

مرۆڤی باوەڕدار دەبێت پاك وخاوێن بێت، چونكەپێغەمبەری خۆشەویستمان ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی پێكردوین كەپاكوخاوێن بین! جا كاتێك بینیت كەمنداڵەكەت كاغەزەكەی هەڵگرتەوەوخستیەناو سەبەتەی خۆڵەكەوە، ووریابەنابێت ئەو كارەی پشتگوێ بخەیت هەر زوو خێرا دەستخۆشی وئافەرینی لێ بكە وپێی بلێ بەراستی تۆ كەسێكی پاك وخاوێنیت، بەم شێوەیەتۆ توانێت خویەكی ناپەسەند بگۆڕیت بەخویەكی پەسەند ووەرگیراو.

**پاداشت وهاندان ( تشجیع ) چەند پلەیەكی هەیە:**

**یەكەم :** ئەوەیەكەسی پەروەردەكار هەندێك خووی پەسەند وجوان باس بكات وخۆزگەبخوازێت بەئەنجامدانی لای بەرامبەرەكانی، ئەمەش بۆ ئەو كارانەدەبێت كەواجب نین، بەڵكو لەسوننەت وفەزائلی ڕەوشتی جوانن، هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : ( نعم الرجل عبد الله لو أنه كان یقوم اللیل ) واتە: پیاوی چاك ئەو كەسەیەكەبەندەی خودایە، جا خۆزگەهەڵدەسا بۆ شەو نوێژكردن .

**دووەم :** هاندانی مەعنەوی : هەروەك ئەوەی پاداشتی كەسێك یان منداڵێكت كەكارێكی ئەنجام داوە، لەگەڵ خۆت بیبەیت بۆ گەشتێك وپیشی بلێیت ئەوەپاداشتی ئەو كارەجوانەتە، یان چیرۆكێكی خۆشی بۆ بگێڕیتەوەچونكەمنداڵ عاشقس چیرۆكی خۆشن، یان لانی كەم ماچێكی بكەیت، چونكەپاداشت لەسەر كاری جوان كەسی بەرامبەر هاندەدات لەسەر دووبارەكردنەوەی ئەو كارەجوانەی، بەڵام ئەگەر هاتوو پشتگوێ خرا، ئەوەگیانی بڕوا بەخۆبوون وچاكەكاریت تیادا خنكاند وئەو منداڵەهەرگیز هەست ناكات بەوەی كەكەسانی چوار دەوری لەدایك وباوكی گرنگی پێ دەدەن .

**سێهەم :** هەندێك جاریش پاداشت دەبێت پاداشتی مادی بێت، وەك ئەوەی لەبەرامبەر كار وهەڵوێستی جواندا باوك یان دایك یان هەردووكیان دیاریەك بۆ منداڵەكەیان بكڕن، با هەمیشەش دیاریەكانتان خواردن نەبێت، بابەشێوەیەك بێت ئەو دیاریانەبمێننەوەلەبەرچاوی منداڵەكەوون نەبن تاوەكو هەمیشەبزانێت ئەو دیاریەی پاداشتی كاری جوانیەتی .

ئایا چ ڕێگایەك بگیرێتەبەر بۆ پەروەردەكردن ؟

دایك وباوكی خۆشەویست نابێت هەمیشەلەسەر یەك شێوەخۆتان ڕابهێنن، بەڵكو دەبێت بەپێی هەڵسوكەوت وكاری منداڵەكەتان ئێوەش زۆر بەلێزانی پاداشتەكانتان بگۆڕن تاوەكو منداڵەكەتان لەسەر یەك شێوەڕانەهێنن، چونكەئەگەر هاتوو لەسەر یەك شێوەپاداشت ڕاتان هێنا ئەو كاتەپاداشتەكانتان شێوەیەكی تەقلیدی وەردەگرێت وزۆر جێگای خۆی ناگرێت .

ئەی باشەسزا دەبێت چۆن بێت ؟

محمد قطب لەووتارێکیدا دەڵێت : " پەروەردەکردن بەسزادان شتێکی ئاسایی یەبۆ مرۆڤ، بەتایبەت بۆ منداڵ - کاتێك دەڵێین سزادان مەبەستمان تەنها سزادانی جەستەیی نیەبەڵکو سزا بەهەموو شێوەکانیەوەهەر لەسەرزەنشت وئاراستەکردنی ئامۆژگاری وقەدەغەکردنی هەندێك لەمافەکان یان کەم کردنەوەی یان ... - جا نابێت ئەمەپشتگوێ بخرێت بەبیانووی سۆز وخۆشەویستی نوادن بۆ منداڵ یان بەبیانووی ئەوەی زانستی دەروناسی پەروەردەئەمەی قوڵ نیە، چونکەتاقی کردنەوەکانی ژیان سەلماندویانە، ئەو نەوەیەی کەوا فێر بکرێت کەسزا نەدرێت لەسەر کار وخووی ناپەسەندی، نەوەیەکی لەرزۆك وترسنۆك دەردەێچت وبۆ ئەوەناشێت پاشەڕۆژ ڕووبەڕوی نەهامەتیەکانی ژیان ببێتەوە، جا تاقیکردنەوەوتەجاربەکان باشترن بۆ شوێن پێهەڵگرتن لەقسەی بێ سوودی تێوری بێ کار .

سۆز نواندنی ڕاستەقینەبەرامبەر بەمنداڵ ئەوەیە کەباوك ودایك بزانن چ شتێك دەبێت بەهۆکاری ئەوەی  ئەو منداڵەلەپاشەڕۆژدا کەسێکی چاکساز وبەسوودی لێ دەرچێت بۆ خۆی وبۆ کۆمەڵگەکەشی، نەك بەبیانوی خۆشەویستی وسۆز بەر شل بکرێت بۆ منداڵ، وەك ئەوەی هەندێك لەدایك وباوکان فێر بوون هەر کاتێك پێیان دەڵێیت کەمنداڵەکەت ئەوەیکرد خراپەئامۆژگاری بکە، خێرا دەڵێن وازی لێبهێنەجارێك منداڵەگەورەبوو چاك دەبێت، ئەم جۆرەقسانەبا دایك وباوکان چاك بزانن پاشەڕۆژی منداڵان کاول ووێران دەکات، چونکەمنداڵ فێری بەردەوامی دەبێت لەسەر خووی خراپی لەو جۆرەپەروەردانەوە، کەگەورەش بوو زۆر ئەستەم دەبێت تا فێری ئەوەی دەکەیت کەواز لەو جۆرەخووەخراپانەبهێنێت، کودرەواریش زۆر لەکۆنەوەووتیانە: " توڵ ئەگەر بەتەڕی نەچەمێنرێت کەگەورەبوو دەشکێت " .

جا کاتێکیش پەروەردەکار ناچار بوو سزای کەسی ئەنجام دەری خووی خراپ بدات ، دەبێت زۆر وورد و حەکیم بێت نابێت بەشێوەیەك بێت کاریگەری زۆر خراپ دروست بکات لەسەر منداڵ، دەبێت ڕەچاوی باری دەرونی وجەستەیی بکرێت تاوەکو ئاسەواری خراپ بەجێ نەهێڵێت، چونکەوەك ووتمان سزا یان سەرزەنشت لەپێناو ڕاستکردنەوەی ئەو ڕەوشتەناپەسەندەیەلای بەرامبەر نەك تۆ مەبەستت ئەوەبێت میرازی منداڵەکەت بکەیت وچینێکی باشی لێ بدەیت، نا بەو شێوەیەنابێت دەبێت بزانیت کۆتا چارەسەر بۆ منداڵ لێدانە، ئەویش لێدانێکی سووك نەك دەستو قاچ شکانی تێدا بێت .

### هەنگاوەکانی سزادان :

**یەکەم :** ئامۆژگاری لەسەر خۆ، کەشێوەیەك لەسەرزەنشتی پێوەدیار بێت، بەو مانایەی کاتێك پەروەردەکار ( دایك یان باوك ) بینیان کەمنداڵەکەیان کارێکی ناشایستەی ئەنجام داوەوجێگای قبوڵ نیە، بەڵام ئەوەیەکەم جارەخووی لەو جۆرەی لێ دەبینن، پێویستەلێی

بێدەنگ نەبن چونکەمنداڵ سەرەتا نازانێت چاك وخراپ چیە، ئەگەر لێی بێدەنگ بوویت ئەو منداڵەوادەزانێت کارێکی باشی ئەنجام داوە، بۆیەخێرا نەهێڵیت بەسەریدا تێپەڕ ببێت و ئامۆژگاری بکرێت بەشێوەیەك سەرزەنشتی پێوەدیار بێت، وەك ئەوەی بڵێیت ئەوەڕۆڵەنازانێت ئەو کارەی ئەنجامت داوەخراپەنەئەبوایەشتی وات بکردایە، یان ئەوەلەتۆوەناوەشێتەوە، چونکەخراپەوجێگای قبوڵ نیە، جا هیوادارم جارێکی تر دووبارەی نەکەیتەوە، چونکەئەگەر دووبارەببێتەوەڵێت قبوڵ ناکەم ها .

**دووەم :** هەڕەشەلێکردنی : بەوەی ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو لەسەر ئەنجام دانی ئەو کارەی ئەوە، کەمێك بەتووندتر ئامۆژگاری بکرێت و هەڕەشەیەی سزای لێبکرێت، بەوەی ئەگەر ئەمجارەدووبارەببێتەوە، ئەوەسزای دەبێت، وسزاکەی دیاریش بکات بۆی، بۆ نمونە، پێی بڵێ ئەگەر دووبارەببێتەوەناهێڵم یاری بەکۆمپیوتەرەکەت بکەیت یان بۆ ماوەیەك ناهێڵم لەژوورەکەت بێتیەدەرەوە، یان ئەگەر دایکی کاتێك بینی منداڵەکەی خوویەکی ناپەسەندی کرد، هەڕەشەی لێبکات بەوەی کەواز لەو کارەنەهێنێت ئەوەبۆ باوکی دەگێڕمەوە.

**سێهەم :** سزای مەعنەوی : ئەوەیش بەئەنجام دانی ئەو هەڕەشانەی کەلەخاڵی پێشوودا باسمان کرد، بەوەی هەندێك لەخۆشیەکانی لێ قەدەغەبکەیت، وەك قەدەغەکردنی هۆکارەکانی یاری کردنی لەکۆمپیوتەرەکەی یان پاسکیلەکەی یان چونەدەرەوەلەگەڵ هاورێکانی بۆ یاری کردن و چوون بۆ باخچە.

جا دایك وباوکی خۆشەویست هەرگیز نەکەن کەهەڕەشەیەکتان کرد لەمنداڵەکەتان و دواتر پشتگوێی بخەن، لەکاتێێك کەزانیتان منداڵەکەتان ئامۆژگاریەکەی ئێوەی یان هەڕەشەکەیان پشگوێ خستوە، چونکەئەگەر ئەوەی ووتان دواتر ئەنجامتان نەدا، هەڕەشەوئامۆژگاریەکانتان بێ سوود و بێ نرخ دەبێت لای منداڵەکەتان .

**چوارەم :** سزادان بەلێدان هەرچەند ئەمەش جێی ڕای جیاوازەلای زانایانی دەروناسی منداڵان، بەڵام ئەوەش بزانن کاتێك دەڵێین لێدان مەبەستمان ئەوەنیەکوتەکێکی لێهەڵبگریت وبکەویتەوێزەی ودار کاری بکەیت ولاچاوی شین بکەیتەوە، نەخێر هەرگیز ئەم جۆرەپەروەردانەسوودی نابێت، بەڵکو زیانی گەورەشی لێدەکەوێتەوە.

لەهەمان کاتدا دەڵێین لێدان مەبەستمان ئەوەیەکاتێك کەزانیت ئەو هەنگاوانەی کەباسمان کرد بێ سوودە و منداڵەکەت تا دێت لاسار تر دەبێت، ئەوەپێویستەئەوەی تێبگەیەنیت کەلێدانیش جۆرێکەلەپەروەردەکردنی بەجۆرێك لێدانێکی سووك بێت وبزانێت کەدایکی یان باوکی لێی تورەن، وەکاری لەو شێوەیەدەبێت بەهۆی مەحروم بوونی لەسۆزی

دایك وباوكی، چونكەمنداڵ هەمیشەپێویستی بەسۆزی دایك وباوكیەتی، خاڵێكی تری گرنگ ئەوەیەئەبێت لێدانی منداڵ بەباوك بسپێرێت ولەو كاتەشدا دایك هیچ تەدەخول نەكات، بەشێوەیەك دەستی مێردەكەی بگرێت، یان سەرزەنشتی بكات لەسەری، چونكەئەمەش كاریگەری خراپ بەجێدەهێڵێت و ئەو جۆرەسزایەجێگای خۆی ناگرێت.

جا باوكی خۆشەویست هەرگیز نەكەیت توند لەمنداڵت بدەیت یان لەجێگای ترسناكی بدەیت وەك لێدانی دەم وچاو یان بن گوێی یان ئەو جێگایانەی كەترسی خراپی لێدەكرێت، چونكەئەگەر لەو جێگایانەبدرێت نزیكەئەو ومنداڵەبمرێت یان كەم ئەندام ببێت یان شێت ببێت، جا پێویستەلێدانێكی ئاسای ی وسووك بێت ئەویش بۆ ئەوەی پەند وەربگرێت و واز لەو كارەی بهێنێت، نەك مەبەست پێی سزادانی بێت .

جا لەهەمان كاتدا ئەگەر بینیت منداڵەكەت وازی لەو كارەی هێنا ووتەكانی ئێوەی پشتگوێ نەخست، ئێوەش نابێت بەبێ دەستخۆشی و ئافەرین كردنی وازی لێبهێنن، بەڵكو خێرا پاداشتی بكرێت بەوەی كەئامۆژگاریەكانی دایك وباوكی لەگۆێ گرتوە، بۆ نمونەدیاریەكی لەئەندازەی كارەكەی بۆ بكڕرێت .

جا دایك وباوكی خۆشەویست ئەوەش بزانەنابێت لێدان زۆر دووبارەببێتەوە، چونكەدووبارەوچەند بارەبوونەوەی لێدان وا دەكات ئەو منداڵەلەسەر لێدان ڕابێت، یان گێل ونەفام دەربچێت، یان هەوڵ بدات بەهەر شێوەیەك بوەخۆی ڕزگار بكات لەو لێدانە، ئەگەر بەدرۆ كردنیش بێت، ئەو كاتەش هیچ مانایەك بۆ سزادان نامێنێت لەپەروەردەكردنی منداڵەكەتدا ، وەپاشەڕۆژیش یان منداڵێكی ترسنۆك دەردەچێت وبێ دەچێت لەسێبەری خۆیش بترسێت، یان كەسێكی دڵ ڕەقی ڕق ئەستوری لێ دەربچێت كەهیچ سوودێكی نەبێت بۆ كۆمەڵگەكەی، جا هەركامێكیان بێت هەر زەرەر وخەسارۆمەندیە.

لەكۆتایدا هیوادارام توانیبێتمان سوودێكمان پێ گەیاندبن، وەداواكارین لەخوای گەورەومیهرەبانش بمنخاتەبەر سۆز ورەحمی خۆیەوە، ولەسەر دەستمان نەوەیەكی سوودەمەند بۆ كۆمەڵگەكەمان بەرهەم بهێنین .

والسلام علیكم ورحمة الله وبركاته